www.kurdistannet.org

# قوڵپی پێکەنین

حەمەسەعید حەسەن

کاغەزم لە بەردەمدایە،
قەڵەم بە گوێمەوەیە،
ئانیشکم لەسەر مێزەکەمە،
دەستم بە ڕوومەتمەوە گرتووە،
بیر دەکەمەوە چی بنووسم؟ (سێرڤانتس)

ساتیر سەرەتا بە شیعر (دژی جەنگ و ژنی جادووباز) نووسراوە و دواتر پەڕیوەتە نێو هەموو ژانرە ئەدەبییەکان، بە تایبەتی شانۆنامە و ڕۆمان. بە زەحمەت ڕۆمانێک هەیە، ساتیری تێدا نەبێ. ساتیر کاریکاتیرە بە وشە و باس لە بەدڕەوتاری دەکات و ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندییە نەگونجاوەکان.

یۆڤەنالیس کە پێش لە دایکبوونی مەسیح ژیاوە و دەشێ یەکەمین ساتیرنووس بووبێ. دەیگوت: ئەستەمە لەم سەردەمەدا بژیت و ساتیر نەنووسی. لە هیچ سەروەختێکدا ساتیرنووس لەسەر بابەت پەکی ناکەوێ. ڕۆمەکان سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ساتیریان نووسیوە. دێرینترین ساتیری سویدی لە سەدەیەی پازدەیەمدا دژی جیاوازی ئاستی ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندان نووسراوە.

ساتیر لە بنەڕەتدا فۆرمێکی ئەدەبیی لاتینییە بە نێوەڕۆکی جیاواز، کە دەشێ بریتی بێ لە فەلسەفەی مۆرال، ئەدەبی گەشت و گوزار، یان گێڕانەوەی ژینامەی کەسانی نێودار بە شێوەی گاڵتەجاڕی. تیۆریی ئەدەب ساتیر دەباتەوە سەر کۆمیدیا. ساتیر لە فۆرمێکی ئەدەبیدا بە شێوازێکی گاڵتەجاڕییانەی بریندارکەر، ڕەخنە لە دیاردە و کەسایەتییە سیاسی و کولتوورییەکان دەگرێ.

ساتیر بە باڵی تەوس و لاقرتێ دەفڕێ ، بێ سڵکردنەوە ڕاستی دەڵێت، تیرێکە ڕووی لە سنگی جەللادە و دەستێکە تەوقە لەگەڵ دیکتاتۆردا ناکا. ساتیر خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکات و گاڵتەئامێزانە کارەسات بەسەر دەکاتەوە و خوازیارە لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی بگەشێنێتەوە.

ساتیر مەرج نییە شیعر بێ، وەلێ گرنگترین ڕەگەزی شیعر کە ڕاستگۆییە، خوێنە و بە دەماریدا دەگەڕێ، هەر بۆیە خوێنەری ئاسایی بە تامەزرۆییەوە و بە ئاشکرا لە ئامێزی دەگرێ و هەڵبژاردەیش بە نهێنی دەم بە پلووسکییەوە دەنێ.

ساتیر گاڵتەئامێزانە باس لە شتە هەرە جیدییەکان دەکات. ئەوە نییە گەلێ جار، لەسەر شانۆی ژیانیش، ڕاستی لە ڕێی قۆشمەوە دەدرکێنین و کە گوێگر مەبەستی قسەکە دەناسێتەوە و گرژ دەبێ، وا ڕاهاتووین بڵێین: شۆخی بوو.

ساتیر بە کلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە، تا هۆش بچێتە ژوورەوە. ساتیر بتی داب و نەریتی دێرین دەشکێنێ، ئابرووی پارێزەرانی ڕەوشتی زاڵ دەڕووشێنێ و خوازیاری ئەوەیە ئینسان سەر بۆ فیکری سەروەر و واقیعی باو نەوی نەکا.

باشترین جۆری نواندن، ئەوەیە بینەر هەست نەکا، ئەکتەر سەرقاڵی نواندنە، بەڵکوو پێی وابێ، ئەوی لەسەر تەختی شانۆ دەیبینێ، ژیانێکی ڕاستەقینەیە. باشترین جۆری وەرگێڕان، ئەوەیە خوێنەر هەست نەکا، ئەوی دەیخوێنێتەوە وەرگێڕانە، بەڵکوو بە ئۆرگیناڵی تێ بگا. باشترین جۆری ساتیریش ئەوەیە، نووسەر هەست نەکا سەرقاڵی نووسینە. بەرهەمێ ئاوا خۆڕسکانە لە دایک ببێ، ڕاستگۆیی لێ دەتکێ.

ئەبوو جەعفەری مەنسوور دەیگوت: (خەڵکینە خوا منی کردووە بە خاوەنی سامان و گیانی ئێوە، گەر

www.kurdistannet.org

بمەوێ هەردووکیتان لێ زەوت دەکەم.) هەنووکەش ویلایەتی فەقیە (مافی ئەوەی هەیە، فەرمان بدات ماڵی موسڵمان کاول بکرێت و ژنیشی پێ تەڵاق بدات.) گوێنتەر گراس پێی وایە (هیچ شتێ هێندە باڵا نییە کە نەتوانین گەمەی پێ بکەین.) بۆیە دەشێ ئەو گوتە (پیرۆزانە) ببنە کەرەسەی ساتیر. (میلان کوندێرا)ش دەڵێ: ‹ساتیر هونەرێکە لە ڕێی گاڵتەکردن بە بیر و کردەوەی کەسانی ناخپووتەوە، پەیامی خۆی دەنێرێ.›

بایەخی ڕۆمانی (ئۆجین ئۆنیگین)ی پووشکین، بەو زمانە شیعرییەوە بەندە کە پێی نووسراوە. زمانی رووسی مردبوو، پووشکین بەو ڕۆمانە گیانی کردەوە بە بەریدا. ساتیر ئەگەر بە زمانێکی ئاسانی قووڵ نووسرا، چونکە خوێنەرێکی زۆری هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ لە خاوێن ڕاگرتن و گەشەپێدانی زماندا دەگێڕێ.
ساتیر بە زمانێکی ئەدەبیی گاڵتە ئامێزی ڕەوان و شیرین، ڕاستییەکی تفت و تاڵ بەسەر دەکاتەوە. ساتیرنووسین کارێکی گەلێ دژوارە، ئاخر ساتیرنووس بۆ نموونە ئەگەر هانای بۆ ژانری چیرۆک برد، دەبێ وێڕای ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی چیرۆک، وریای ئەوەش بێ، ئەوی دەینووسی مەرجەکانی ساتیریشی تێدا بێ. کارێکی ئاسان نییە، تاڵترین ڕەخنە، لە شیرینترین شێوەدا بدرکێنی، ئاخر (ساتیر کاکڵەیەکی تاڵە، لە نێو توێکڵێکی شیریندا و نامەیەکی تەوساوییە لە کەسێکەوە کە دەزانێ، بەڵام ناتوانێ، بۆ کەسێ کە دەتوانێ، بەڵام نازانێ.)

زۆر جار ئەوانەی دەکەونە بەر هێرشی ساتیر و دەبنە کەرەسەی قۆشمە، باڵانسیان تێک دەچێ. لیسینگ دەڵێ: (بۆ داکۆکیکردن لە بیروڕا کۆمەڵایەتییەکان هیچ هۆکارێ هێندەی پێکەنین کاریگەر نییە.) تیری ساتیر دەشێ هێندە بە ئازار بێ، کەسی ئەنگاوتە هیچ خۆشییەکی لێ نەبینێ و ئاوەز لە دەست بدات و بیر لە تۆڵە بکاتەوە. جێی سەرنجە (ئەوانەی بەر پلاری شێخ ڕەزا دەکەوتن، نە خۆیان و نە کەسوکاریان دڵگیر نەدەبوون و لە سووچی هونەرییەوە، تەماشای ئەو شیعرانەیان دەکرد.) بە هۆی شیعری جوانی شێخ ڕەزاوە، ناوی دەیان کەس بە نەمریی ماوەتەوە. ئەگەر هەجووی ئەو نەبووایە، کێ حەمەی وەستا فەتاحی دەناسی؟

ئامانجی ساتیر هەر ورووژاندنی پێکەنین و بەخشینی چێژ و خۆشی نییە بە خوێنەر، بەڵکوو بانگکردنێتی بۆ بیرکردنەوە و پرسیاری قووڵ کردن. ساتیر پشت بە irony دەبەستێ، شتێ دەڵێت و مەبەستی پێچەوانەکەیەتی. ساتیرنووس شتی ئاسایی بە شێوەی سەیر کە مایەی پێکەنین بێ، نیشان دەدا. ساتیرنووس بە شێوەیەکی خاوێن چێژ و خۆشی بە خەمباران و تووڕەبووان دەبەخشێ و ڕەگەزی مێ، میللەتێ، خێڵێ، یان خەڵکی شارێکی دیاریکراو بریندار ناکا.

خەڵکی ساکار پێیان وایە کۆمیدیا پێوەندیی بە ئازارەوە نییە، وەلێ لە ساتیردا لەو دیو هەر قاقای پێکەنینێکەوە، قوڵپی گریانێک خۆی مات داوە. پێکەنین پێوەندیی بە پاشخانی ڕۆشنبیریمانەوە هەیە و لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێ کە دنیای پێ دەبینین. ئاخر بە هۆی پێکەنینیشەوە دەکارین گوزارش لە خۆمان بکەین. بینینی لایەنی قۆشمە لە ڕووداوێک، یان دیاردەیەکدا، پێویستی بە ئاستێک لە زیرەکیی هەیە.

پێکەنین بە گژ ئەوانەدا دەچێتەوە کە کوێرانە داکۆکی لە بیروباوەڕێک دەکەن. پێکەنین هەرگیز ئامێرێک نەبووە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی بێدەسەڵاتان. پێکەنین هەرگیز دۆگمای نەخوڵقاندووە. ئەوی لە خۆی و دەوروبەر ڕازی بێ و قەت پیشی نەخواردبێتەوە، بەهای گاڵتە نازانێ و چونکە پێویستیشی بە تەنفیس نییە، دەشێ هیچ قۆشمەیەک نەیهێنێتە پێکەنین.

کۆمیدیاش وەک تراجیدیا، یاریدەی پاکژکردنەوەمان دەدا. پێکەنین زەبروزەنگ لە ناو دەبا. فرۆید پێی

www.kurdistannet.org

وایە قۆشمە ئینسان خاوێن دەکاتەوە و پێکەنین دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئامێزی منداڵی. تراژیدیا لە ڕێی وروژاندنی بەزەیی و ترسەوە، ئینسان پاکژ دەکاتەوە، کۆمیدیا لە ڕێی نیشاندانی هاوسۆزی و سووکایەتی پێ کردنەوە. خوێنەر بەزەیی بە دۆنکیخۆتە و سانچۆدا دێتەوە. لە کن بینەری هەستناک (پیسکەی تەڕپیر)ی مۆلیریش شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە.

مۆرالیستەکان پێیان وایە، تەنیا تراجیدیا هونەرێکی باڵایە و کۆمیدیا بە هێند ناگرن. کۆمیدیا بۆ نموونە لای مۆلیر کارێ دەکا خۆمان بناسین، ئاخر ڕووپۆشە ساختەکان لا دەدات و ڕووخسارەکان وەک خۆیان نیشان دەدا.

بۆ ئەوەی ساتیر (کە ئیسفەنجێکە زووخاو هەڵدەمژێ،) دروست ببێ، پێویستە لای کەم گەوجێک و فێڵبازێک هەبن؛ ساتیر زادەی پێوەندیی نێوانیانە. هەمیشە قارەمانی ساتیر گێلە. فرۆید دەڵێ: نوکتە پێویستی بە سێ کەسە. یەکێک کە دەیگێڕێتەوە، یەکێک کە نوکتەکەی لێ قەوماوە، یەکێک کە گوێی لێ دەگرێ. نوکتە کە هەر یەکەم جار گوێگر دەبزوێنێ، گێڕانەوەی جۆرێکە لە هونەر، وەلێ ئەوی لە کاتی پەیڤیندا نوکتە دروست بکا، بلیمەتە،

نوکتە یان خاوێنە، یان بریندارکەرە و مەبەستێکی ئابڕووبەرانەی لە هەناودایە و لە ساتیر نزیک دەبێتەوە. قۆشمە هەیە سەرچاوەکەی شیرینە و هەیە لە سەرچاوەیەکی تاڵەوە هەڵدەقوڵێ. ئەو نوکتانەی مەبەستێکیان لە ناخیاندا حەشار داوە، کاریگەرترن.

نوکتە تەنیا پشت بە گاڵتە دەبەستێ، بەڵام ساتیر گاڵتە و بەزەیی. پیاوێکی پیر کە بەشێوەیەکی ناشیرین قژی بۆیە کردبێتەوە، لە نوکتەدا، مایەی پێکەنینە، لە ساتیردا جێی پێکەنین و بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. ڕووداوێک بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ساتیر، پێویستە ناکۆکی، یان پارادۆکسی لە نێو خۆیدا هەڵگرتبێ و ئاماژە بۆ تابوو بکات. لە ساتیردا پشت بە ڕێکەوت بەستن، خاڵێکی لاواز نییە، بەڵکوو لە خزمەتی دروستبوونی گاڵتەدایە. چیرۆکەکانی عەزیز نەسین پڕن لە ڕێکەوت.

گاڵتە دەشێ بە مەبەستی کەمکردنەوە لە بەهای شتێ یان کەسێ بخرێتە گەڕ، یان ئامانجی تێرکردنی ئارەزوویەک بێ، یان بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ، هانای بۆ ببرێت. یان تەنیا بۆ چێژ لێ وەرگرتن، بۆ نموونە لە ڕێی گەمە بە وشە کردنەوە. شەمران ئەلیاسری دەیگوت: (ان الامبریالیه المسلحه بالدجاج.) لە بری المدجه بالسلاح. المتشائل، ساتیرەڕۆمانێکی ئەمیل حەبیبیە، کە هەر لە ناونیشانەکەیەوە، گەمەی بە هەردوو وشەی متشائم (ڕەشبین)و متفائل (گەشبین)کردووە.

سەبارەت بە ڕۆمانی (ناوی گوڵ)ی ئێمبێرتۆ ئێکۆ کە بە پازدە ساڵ نووسراوە و تا هەنووکە شازدە ملیۆنی لێ فرۆشراوە، میلان کوندێرا دەڵێ: (ناوی گوڵ بۆ داکۆکیکردن لە پێکەنین نووسراوە.) کە بۆرگۆ، ئەو پیاوەی لە ڕۆمانەکەدا داکۆکی لە ئایین دەکات، دەڵێ: (پێکەنین جەستە دێنێتە سەما، سیما دەشێوێنێ و کارێ دەکا ئینسان لە مەیموون بچێ.) قارەمانی ناوی گوڵ دژی ئەم بۆچوونە دەوەستێ و دەبێژێ: (مەیموون پێناکەنێ، لە نێو هەموو زیندەوەراندا تەنیا ئینسان دەتوانێ پێبکەنێ.)

ڤاتیکان زۆر سەغڵەت بوو بەوەی داریۆ فۆ ١٩٩٧ نۆبێڵی وەرگرت و گوتی: بە داخەوە دوای پراندیللو، قۆشمەچییەکی وەک فۆ، نۆبێڵ وەردەگرێ. لە تورکیا تیپێکی شانۆیی کاتێ سەرقاڵی نمایشکردنی پییەسێکی داریۆ فۆ بوون، بۆمبێکی ئیسلامە توندڕۆکان لە نێوانیاندا تەقییەوە.

پێکەنین کە لە ڕوانگەی (میخاییل باختین)ەوە (لەبەر ڕۆشنایی لۆگیکدا لێک نادرێتەوە،) جگە لەوەی (مەشقی گەلێ ماسوولکەیەو تەکنیکێکی هەناسەدانە،) گەلێ سوودی دیکەشی هەیە:

* ئینسان لە ژاراویبوونی جەستەیی و مەعنەوی دەپارێزێ.

www.kurdistannet.org

* ئینسان لە بەردەم خەمۆکی، بێخەوی، دڵەڕاوکێ و ترسدا بەهێزتر دەکا.
* خەفەت لە بیر ئینسان دەباتەوە و کارێ دەکا پتەوتر خۆی لە بەردەم ئازار و نەخۆشی جەستەییدا ڕابگرێ.
* مێشک مەساج دەکات و لە بواری سێکسدا وزە بەخشە.
* کاریگەرێتی گوشاری کار کەم دەکاتەوە و بەری گۆلی پیشخواردنەوە بەرەلا دەکا.
* یارمەتی دڵ و خوێنبەرەکان دەدا، تا جوانتر بە ئیشی خۆیان هەڵبسن.
* لە ڕووی دەروونییەوە چالاکی بەخشە، ئاخر وەرزش لەش خاوێن دەکاتەوە، پێکەنینیش گیان.

کلۆدیا سییەس کە دەروونناسێکی ئەڵمانە دەڵێ: ‹پێکەنین و گاڵتەکردن بە هەڵەی کەسانی دیکە، دیاردەیەکی شارستانییە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو گوشارەی لەسەر خەڵکی هەیە و ماندوویی لە لەش و گیانیان دەر دەکات، بۆیە ئەوی بە هەڵەی کەسێ پێبکەنێ، هیچ پێویست ناکا، سەرزەنشتی خۆی بکا.›

ڤۆڵتێر دۆنکیخۆتەی سێرڤانتسی کە لوتکەی ئەدەبی ساتیرە، بە ئۆدیسا بەراورد کردووە. شیلینگ بە نموونەی باڵای ڕۆمانی زانیوە. دەستۆیفسکی پێی وابووە: ڕۆمان لە دۆنکیخۆتە قووڵتر و بەهێزتر نەنووسراوە. هاینە، ستاندال، سانت بیف و هۆگۆ بەرز دۆنکیخۆتەیان، کە ئاوێنەیەکی ڕاستبێژی سەردەمەکەیەتی، بە هەموو شەرمەزاری و گەندەڵییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، نرخاندووە. سێرڤانتس لە ژیانیدا کوێرەوەرییەکی زۆری دیوە و لە زیندانەوە دەستی بە نووسینی دۆنکیخۆتە کردووە، هەر بۆیە گاڵتەجارییەکەی هەمیشە خەمناکە.

(ژن وەک شووشە وایە،
نابێ تاقی بکەینەوە بزانین دەشکێ یان نا.)

سێرڤانتس بەو زمانە شیعرییە، دۆنکیخۆتەی نووسیوە. ساتیری وا سەرکەوتوو، سنووری وەخت دەبەزێنێ و لە هەموو دنیادا خەڵکی دەهێنێتە پێکەنین.

ڤۆڵتێر، هۆفمان، هاینە، بێرنارد شۆ، گۆگۆڵ، ستریندبێری ، تۆخۆلسکی، ئەندریە ژدانۆف، کارل چاپێک، عەزیز نەسین، مرۆژیک، گۆێنتەر گراس، ئیمیلی حەبیبی و داریۆ فۆ، لە ساتیرنووسە بەنێوبانگەکانن.

ژێدەرەکان


(1) Hans Lindström, Skrattet åt världen i litteraturen, Carlsson bokförlag 1993 Stockholm.
(2) Bengt Holmqvist, Satir från Aristofanes till Voltaire Tidens förlag 1966 Halmstad.
(3) Bengt Holmqvist, Satir från Byron till Dagerman Tidens förlag 1966 Halmstad.
(4) Peter Loewe, Vild glädje, Kultur, Dagens nyheter, 11 oktober 1997 Stockholm.
(٥) ادیب محمد الاشقر، الضحک، هل نأخذه علی محمل الجد؟ العربی، العدد ٥١١ ص ٩٦ الکویت یونیو ٢٠٠١
(٦) اریک بنتلی، الحیاه فی الدرامه، ت: جبرا ابراهیم جبرا، ط ٣ المؤسسه العربیه للدراسات و النشر ١٩٨٢ بیروت.
(٧) ما بعد الحداثه، ترجمه د، اشرف صالح، الثقافه العالمیه، عدد ٨٣ ص ١٣٧ الکویت ١٩٩٧
(٨) د. غبریال وهبه، دون کیشوت بین الوهم و الحقیقه، ١٩٨٩ مطابع الهیئه المصریه العامه للکتاب.
(٩) عەلی ئیسماعیل زادە، هەرێم و سنووری تەنز، مەهاباد، ژ: ٢ ل ٣٢ بانەمەڕی ١٣٨٥
(١٠) د. مکرم تاڵەبانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل١٢ دەزگای ئاراس ٢٠٠١ هەولێر.
(١١) ثربانتس، دون کیخوته، ت: عبدالرحمن بدوی، دار المدی ١٩٩٨ دمشق.